## بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
## ژمارە (١٢٨) لە ١٢/ ١/ ٢٠٢٢

پشتبەست بە حوكمەكانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەسەر پێشنیاری دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان بە هەردوو نووسراویان ژمارە (١) و (٢) لە ٢٠٢٢/١/٢، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧٣) لە ٢٠٢٢/١/١٢، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. ڕاسپاردنی وەزیرە پەیوەندیدارەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پەلەکردن لە جێبەجێکردنی گشتاندنی وەزارەتی دارایی و ئابووری بە نووسراوی ژمارە (١٥٠) لە ٢٠٢٢/١/٩ بۆ ئامادەکردنی میزانی پێداچوونەوەی سەرتاسەریی گشت یەکە ژمێریارییەکانی حکومەتی هەرێم بۆ ساڵی ٢٠٢١ لە ماوەیەکی دیاریکراودا، کە لە ١ی شوباتی ٢٠٢٢ تێپەڕ نەکات، تا بخرێتە بەردەم تیمی هاوبەشی دیوانی چاودێریی دارایی بۆ مەبەستەکانی جێبەجێکردنی یاسای بودجە بە جۆرێک شەفافانە داهات و خەرجییەکانی هەرێمی کوردستانی لەخۆگرتبێت، و پێویستە وەزارەتەکان لەمبارەیەوە ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن و هاوکاریی و هەماهەنگیی تەواو لەگەڵ دیوانی چاودێریی داراییدا بکەن.

٢. ڕاسپاردنی وەزارەتی دارایی و ئابووری بە هەماهەنگیی لەگەڵ دیوانی چاودێریی دارایی هەرێم و فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون و هەردوو نووسینگەی بەڕێزان سەرۆک و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران پێداچوونەوە بکەن بە یاسا و ڕێنمایی و پسووڵە و ئیستیمارە و بەڵگەنامەکانی دیکەی کارپێکراو لە بواری دارایی و ژمێریاریی گشتی و نوێکردنەوەیان بەپێی پێوەرە هاوچەرخەکانی ئەو بوارە، تا هاوتابێت لەگەڵ سیستمی دارایی کارپێکراو لە حکومەتی فیدراڵیی بە ڕەچاوکردنی دەسەڵاتە دەستوورییەکان.

٣. دیاریکردنی ماوەی (١٥) پانزە ڕۆژی کار لە ڕێکەوتی گەیشتنی ئەم بڕیارەی ئەنجومەنی وەزیران بۆ هەمان لیژنەی پێکهاتوو لە بڕگەی (٢)ی سەرەوە تاوەکو بنەما سەرەکییەکانی پێداچوونەوەی ڕێکخستنی بواری پرۆسە و مامەڵە داراییەکان بە شێوەیەکی هاوچەرخانە، دوور لە ڕۆتین و بەفیڕۆدانی کات و توانا، وەک هەنگاوێکیش بۆ برەودان بە شەفافیەت لە بواری دارایی گشتی و سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆجیا لە ڕاییکردنی مامەڵە داراییەکان و دوورکەوتنەوە لە شێوازە کلاسیکییە کارپێکراوەکان بخرێتە بەردەم ئەنجومەنی وەزیران بۆ پەسەندکردنی.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران